زنجیرە ڕێنمایی‌یەكانی ڕێگای ڕاست

(14)

# ﴿100﴾

# سەد

# هۆكار بۆ

# سەرخستنی

# پێغەمبەرﷺ

## ئامادە كردنی

## لیژنەیەكی جیهانی بۆسەرخستنی كۆتا

## پێغەمبەرانﷺ

وەرگێڕانی:

عبدالله خالد

پێداچونەوەی:

م/ صلاح الدین عبدالكریم

www.iman1.com

**لو كان حبك صادقاً لأطعته**

**إنَّ المحبَّ لمن يحبُّ مطيع**

**قال العباس بن مرداس السلمي:**

وجهتُ وجهي نحو مكة قاصداً
أبايعُ نبيَ الأكرمينَ المباركا
نبيٌ أتانا بعد عيسى بناطقٍ
منَ الحقِ فيه الفضلُ فيه كذالكا
أمينُ على القرآن أول شافعٍ
وأولُ مبعوثٍ يُجيبُ الملائكا

**قال نوفل بن الحارث القرشي:**

شهدتُ على أنَّ النبيَ محمداً
أتى بالهدى من ربه والبصائرِ
وأنَّ رسولَ اللهِ يدعو الى الهدى
وأنَّ رسولَ اللهِ ليسَ بشاعرِ
على ذاكَ أحيى ثم أبعثُ موقناً
وأثوي عليه ميتاً في المقابرِ

# ناوەڕۆك

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 3 | ناوەڕۆك |
| 5 | پێشەكی وەرگێڕ |
| 17 | پێشەكی نوسەر |
| 21 | لەسەر ئاستی تاك: |
| 36 | لەسەر ئاستی خێزان وكۆمەڵگە: |
| 39 | لەسەر ئاستی بەشەكانی فێركردن وفەرمانبەرانی: |
| 43 | لەسەر ئاستی پێشەوایان وبانگەواز كاران وقوتابی زانست: |
| 49 | لەسەر ئاستی ڕووناكبیران و ڕۆشنبیران و ڕاگەیەنەران و ڕۆژنامە نووسان: |
| 53 | لەسەر ئاستی دامەزراوە خێرخواز و بانگەواز خوازەكان: |
| 56 | لەسەر ئاستی فەرمانبەرانی تۆڕی جاڵ جاڵۆكەی {ئینتەرنێت}و خاوەن {مواقع} ماڵپەڕەكان: |
| 58 | لەسەر ئاستی دەوڵەمەندان وسەرمایەداران ودەسەڵات دارە موسڵمانەكان: |

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەكی وەرگێر:

إنَّ الحمدَ لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله مِن شرور أنفسنا، ومِن سيئات أعمالنا، مَن يهده الله فلا مضل له، ومَن يضلل فلا هادي له، وأشهد أنْ لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾. [آل عمران: 102] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً﴾ [النساء: 1].

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾ [الأحزاب: 70-71] .

**أما بعد:**

فإن خير الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ

وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار .

**لەپاشاندا: بەراستی موسڵمانە بەڕێزو خۆشەویستەكان بەپێویست و گرنگم زانی لە كات وساتێكی وەك ئەمڕۆدا ئەم نامیلكە بچووك بە قەبارەیە و بەسوود بەماناو خوێندنەوەیە وبەپاداشتی گەورە بۆئەو كەسەی كە كردار دەكات بەناوەڕۆكەكەی وەرگێڕمە سەر زمانی ڕەسەنی وشیرینی كوردی خۆمان بەڵكو هەمووان سودمەند بین** لێی إن شاء الله، **وە هەروەها بۆ ئەوەی كە چاوڕۆشن وئاگاداربین لەمافەكانی پێغەمبەر ﷺ بەسەرمانەوە، وە بۆ ئەوەی بزانین كە ئەوەی ئەرك وپێویستە لەسەر هەموو لایەكمان كە پێشەواو خۆشەویست وپێغەمبەرمان محمد ﷺ سەربخەین هەریەك بەگوێرەی تواناو شارەزایی و ئاست ودەسەڵاتی خۆی .**

**وەك ڕوون وئاشكرایە لەم نامیلكەیەدا باس لەمافەكانی پێغەمبەر ﷺ كراوە، وە چی پێویستە لەسەر ئەو كەسایەتی ولایەنانە بەرامبەر بەو مافانەی پێغەمبەر ﷺ كە ئەنجامی بدەن، وە بە پێویستی دەزانم كە چەند ئەركێكی سەر شانی دەسەڵاتدارەكان باس بكەم كە پێویستە لەسەریان كە جێبەجێی بكەن، لەوانە:**

**یەكەم: هەڵسن بە پارێزگاری كردن لە مافی پێغەمبەر ﷺ ومافی گەلە كوردە موسڵمانەكەیان بەتایبەتی و موسڵمانانی تر بەشێوەیەكی گشتی، بەوەی كە نەهێڵن كە هیچ لەدەز گاكانی ڕاگەیاند و ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران و ڕوناكبیران و نوسەرانەوە گاڵتەو سوكایەتی بكرێت بەشتێك لە موقەدەساتی ئەم ئایینە**

ئیسلامە، لەسەرووی هەموویانەوە گاڵتە کردن بەخوای گەورەو قورئانەکەی وەپێغەمبەرﷺ و فەرموودەکانی .

دووەم: سزا سەپاندن بەسەر ئەو شوێن ولایەن و کتێبخانەو چاپخانەو ئەو کەسانەی کە لەپشت ئەو نوسین و بڵاو کراوەو پەرتوکانەوەن کە سوکایەتی بەئایین و پێغەمبەری خۆشەویستمانی تیادا دەکرێت ﷺ .

سێیەم: قەدەغەکرن ورێگە نەدان بەفرۆشتنی ئەو کاسێت وپەرتوکانەی کە سوکایەتی بە موقەدەساتی ئەم ئایینە وپێغەمبەرەی دەکەن ﷺ، لەبەر ئەوەی بەتێکرا دەنگی زانایان کڕین وفرۆشتن وچاپ کردن و بارکردن و......هتد.

ئەو جۆرە کاسێت ونوسراوانە حەرامن وکارێکی نادروستە.

چوارەم و کۆتایی: داوامان وایە کە جارێکی تر ڕێگە نەدەن بە کەسانێکی تری وەك: مەریوان و هاوشێوەی کە خۆیان و پەرتوکیان ئازاد بن لە لەکەدارکردنی ئایین و پێغەمبەرەکەمان ﷺ، وە پێغەمبەرمان محمدﷺ ئەوەندە بەڕێزە لای خوای گەورە تا بەسەر پێغەمبەرانی ترەوە بەوەی کە خوای گەورە تایبەتمەندی بە پێغەمبەرمان محمدﷺ داوە کە بەناوی خۆی بانگی ناکات لە هیچ ئایەتێکی پیرۆزی قورئاندا بە پێچەوانەوە خوای گەورە بانگ لە هەر پێغەمبەرێکی تر دەکات بەناوی خۆیەوە، بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیەی کەکردمان: خوای گەورە دەربارەی پێغەمبەرمان محمد ﷺ دەفەرمووێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ ....﴾ [الأحزاب: 1] .

وە هەروەها: ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ...﴾ [المائدة: 41] .

بەڵام ئەم تایبەتمەندیە بەکار نەهاتووە بۆ هیچ لە پێغەمبەرانی تر، خوای گەورە دەربارەی آدم ﷺ دەفەرمووێت: ﴿يَا آدَمُ اسْكُنْ ...﴾ [البقرة: 35] .

هەروەها دەربارەی پێغەمبەر عیسیﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي...﴾ [المادة: 110] .

وە هەروەها دەربارەی پێغەمبەر موسی ﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ...﴾ [القصص: 30].

وە هەروەها دەربارەی پێغەمبەر نوح ﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ ...﴾ [هود: 48].

وە هەروەها دەربارەی پێغەمبەر إبراهیمﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا إِبْرَاهِيمُ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا..﴾ [الصافات: 104 -105].

وە هەروەها جارێکی تر دەربارەی پێغەمبەر إبراهیم ﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا إِبْرَاهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا ...﴾ [هود: 76].

وە هەروەها دەربارەی پێغەمبەر لوطﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا لُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ ...﴾ [هود: 81].

وە هەروەها دەربارەی زەکەریا ﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ...﴾ [مريم: 7].

وە هەروەها دەربارەی پێغەمبەر داود ﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ ...﴾ [ص: 26] .

وە هەروەها دەربارەی پێغەمبەر یحیی ﷺ فەرموویەتی:

﴿يَا يَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ ...﴾ [مريم: 12] .

ئەم چەند فەرموودەیەی کە هێنامانەوە بۆ ئەوە بوو بزانین کە خوای گەورە چەندێك پێغەمبەرمانی ﷺ خۆش وویستووە و ڕێزی بۆ داناوە بەسەر پێغەمبەرانی ترەوە چ جای کەسانێك خوار پێغەمبەرن ﷺ.

دەبا ئیتر بە وەفابین بەرامبەر خۆی و سوننەتەکانی و سەری بخەین و ڕێزی بۆ دابنێین و شوێنی بکەوین بەڵکو خوای گەورە بەزەیی بەسەرماندا بڕێژێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ [آل عمران :132].

واتە: گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بکەن ﷺ بەڵکو خوای گەورە بەزەیی وڕەحمی پێتان بێتەوە .

دەبا ئەوانەی کە بەناو ئایینی ئیسلامەوە بانگەشەی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ دەکەن بزانن کە خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ بەوە نابێت کە یادێکی بیدعەو داهێنراو دەگێڕن لەساڵێکدا یەك جار بەناوی خۆش ویستنیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ .

دەبا لەبەر خوای گەورە و پاشان خۆش ویستنیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەست هەڵگرن و واز بهێنن لەو کارە نادروستە و چەندەها کاری نادروستی تر.

وە هەروەها ئەو کەسانەی کە خۆیان بەهەڵگری بانگەوازی ئیسلامی دەزانن کە ناوێکی گەورەیان لەخۆیان ناوە بابەس بێت وازهێنان وبەسوك دانانی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، بالەخوا بترسن .

وە کە ئەمە ڕێزی پێغەمبەر ﷺ بێت لای خوای گەورە، پێویستە ئێمەش بە خۆماندا بچینەوە و بزانین پێغەمبەر ﷺ کێیە؟

بۆیە خوای گەورە حەرامی کردووە کە بانگی پێغەمبەر ﷺ بکەین بەناوی تەنهایی خۆیەوە وەك دەفەرمووێت:

﴿لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا﴾ [النور:63] .

واتە: بانگ کردنی پێغەمبەر ﷺ لە نێوانتاندا هەروەك بانگ کردنی هەندێکتان بۆ هەندێکی ترتان دامەنێن .

بەداخەوە زۆر جار گوێمان لە بەناو بانگخوازەکان دەبێت کە دەڵێن محمد وای ووتووە، ئەمە خۆی لەخۆی بێ ئەدەبیەکی زۆرە بەرامبەر پێغەمبەری خوا ﷺ .

وە لەپێش کۆتایدا دەمەوێت ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم کە کاری من لەم نامیلکەیەدا بریتی بووە لە: وەرگێڕانی بۆ سەر زوبانی کوردی لە عەرەبیەوە، وە پاشان {تخريج} وە دەرنان ودەرهێنانی فەرموودەکان لەسەرچاوە

ڕاستەکانی زانایانی فەرموودەناس وەکو شێخی پایە بەرزو زانای فەرموودەناس و شارەزا لە فیقهو ئاینی خودا شێخ محمد ناصرالدين الألباني (رەحمەتی خوای لێ بێت).

وە بۆیە پێم خۆش بوو کە ئەم بابەتەتان پێشکەش بکەم چونکە پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحودا بە هاوەڵەکانی فەرموو کە ئێمەش دەگرێتەوە: (مَنْ يَرُدُّهُم عَنَّا ولَهُ الجَنَّة، أو هو رفيقي في الجنة)[1] .

واتە: هەرکەسێك بێ باوەڕان بگێڕێتەوە لێمان ئەوە بەهەشتی بۆ هەیە، یاخود ئەوە دۆست وهاوەڵی منە لە بەهەشتدا .

منیش وەك وەڵامێك بۆ ئەو بانگەوازەی پێغەمبەرﷺ ئەم بابەتە بچوکەتان پێشکەش دەکەم .

هیوادارم جێی ڕەزامەندی خوای گەورەو پاشان ئێوەی خوێنەری بەڕێز بێت إن شاء الله.

لە کۆتاییدا داواکارم کە خوای گەورە بە کردەوەی چاك لێمان وەر بگرێت و بەرزی بکاتەوە بۆ لای خۆی، وەئیسلام و قورئان و پێغەمبەرﷺ و موسڵمانان سەر بخات لە هەر کوێ هەن بۆ خاتری ناوە جوانەکان و سیفەتە بەرزەکانی . آمين....

وصلى الله على نبينا محمدﷺ وعلى آله وصحبه أجمعين .

باوکی مسلم

مانگی ربيع الثاني

رۆژی پێنج شەممە

1428/4/24 ك

بەرامبەر 10 /2007/5 م

(1) (رواه مسلم في صحيحه: 4617 ، باب غزوة أحد).

بسم االله الرحمن الرحيم

## پێشەكی نوسەر:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

لەپاشاندا:

بەڕاستی یەكەم پایە لەپایە گەورەكانی ئیسلام:

شایەتیدانە بەوەی كەهیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت بە حەق جگە لەخودا نەبێت، وەمحمدیش (ﷺ)پێغەمبەری خودایە. وەجێ بەجێكردنی بەشی دووەم لەم دوو شایەتیدانە ئەویش شایەتیدانە بەوەی كە محمد(ﷺ) پێغەمبەری خودایە تەواو وجێبەجێ كراو دەبێت لەمیانەی ئەم فەرمانانەی خوارەوە:

یەكەم: بەراستگۆ دانانی پێغەمبەر(ﷺ) لەهەر شتێك كەهەواڵی لەبارەوە دابێت، وە یەكەمینیان: كە ئەو پێغەمبەرو نێردراوی خودایە بۆ هەموو جنۆكە و مرۆڤەكان بەتێكڕا بۆ گەیاندنی سروشی خودا، ئەویش قورئان وفەرموودەكانە كەپێكهاتەی ئایینی ئیسلامن، ئەو ئایینەی كە خوای گەورە هیچ ئایینێكی تر وەرناگرێت جگە لەو نەبێت .

دووەم: گوێڕایەڵی كردنی ورازی بوون بە فەرمان ڕەوایەتیەكەی، وخۆبەدەستەوەدان بۆی خۆبەدەستەوەدانێكی تەواو، وەملكەچ بوون بۆ سوننەتەكانی و پەیڕەوی كردنیان لەخۆتدا، وە فڕێدان و دووركەوتنەوە لە جگە لە سوننەتەكانی .

سێیەم: خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرووی خۆشویستنی باوك ودایك ومنداڵ و گیانەوەیە، وە خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەت لێ داوا دەكات كە بەگەورەی بزانیت وڕێزی لێ بگریت وسەری بخەیت وبەرگری لێ بكەیت، وەخۆ بەستنەوە بەوشتانەی لەوەوە هاتووە .

چوارەم: دەست هەڵگرتن ووازهێنان لەوشتانەی كە قەدەغەی كردووە ودەڵێت مەیكەن، وەدەبێت پەرستن نەكرێت بۆخودا جگە بەو شێوەیەی كە پێغەمبەر(ﷺ) دیاری كردووە، وەلەسەر هەموو موسڵمانێكە كەپەلە بكات بۆجێبەجێ كردنی ئەم واتایە، بۆئەوەی بڕوا بوونەكەی راست وڕەوان بێت، وەبۆ ئەوەی بەشی دووەم لەوشەی یەكخواپەرستی جێبەجێ بكات، وەبۆ ئەوەی شایەتی دانەكەی تەواو بێت بەوەی كە موحەمەد(ﷺ) پێغەمبەری خودایە.

لەبەر ئەوەی دووڕووەكان دەیان ووت:

﴿نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ﴾ [المنافقون: 1].

واتە: ئێمە شایەتی دەدەین بەوەی كەتۆ پێغەمبەری خودایت، وەخوداش دەزانێت كەتۆ پێغەمبەری خودایت، وەخودا شایەت وئاگادارە بەوەی كەدووڕووەكان درۆ دەكەن .

شایەتی دانەكەیان سودیان پێ ناگەیەنێت، لەبەر ئەوەی واتاكەیان جێ بەجێ نەكردبوو، وەئەمە چەند شتێكە كەدەتوانین لەئەنجامیاندا كردار بكەین بەخواست وداواكاریەكانی ئەو خۆشەویستیە، وەئەوەی ئەرك

وپێویستە هەڵسانە بەومافەی پێغەمبەر(ﷺ) لەبەرامبەر ئەو هێرشە توندو چڕانەی دەكرێنە سەری بەوەی كە بیپارێزین ومناڵەكانمان ودایكانمان وباوكانمان وگیانی خۆمان بیبەخشین بۆی لەپێناوی خوادا، وەهەر كەسێك بەگوێرەی توانای، هەموان بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ وەبەگوێرەی ئاست وشوێنەكەی .

# لەسەر ئاستی تاك:

1ـ بیركردنەوە لەو بەڵگە یەك جارەكی وبڕاوانەی كەبەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەوەی كەئەو پێغەمبەری خودای پەروەردگاری هەموو بوونەوەر وجیهانە، وەبنەمای بەڵگەكان لەقورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە، وەیان هەر شتێك ببێت بەبەڵگە لەسەر راستێتی پێغەمبەر(ﷺ) .

2ـ فێربوونی ئەو بەڵگانەی كە لەقورئان و فەرموودە وكۆڕای زانایاندا هاتووە كەبەڵگەیە لەسەر پێویست بوونی گوێڕایەڵی كردن وشوێن كەوتن وپەیڕەوی كردن بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) .

3ـ زانست وزانیاریت هەبێت بەپاراستنی خوای گەورە بۆ فەرمودەكانی پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ [الحجر: 9].

واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان دابەزاندووە، وەئێمە هەر خۆشمان دەیپارێزین.

ئەویش لەمیانەی ئەو كۆششە گەورانەوە پارێزراوە كە زاناكان پێی هەڵساون بەدرێژای سەردەمە جیاوازەكان، كەڕاستیان لە لاوازی جیاكردۆتەوە، وەكۆیان كردۆتەوە لەسەر وورد ترین بنەماكان كەوا ئەم ئوممەتە بەتەنها پێی هەڵساون لەجگە لە ئوممەتانی پێشوو.

4– هەست كردن بەخۆشویستنی پێغەمبەر(ﷺ) لەدڵەكاندا بەیاد كردنەوەی جوانترین سیفات و تایبەت مەندیەكانی لەڕووی رواڵەت ودروست كردن و خوڕەوشتیەوە، وەخوێندنەوەی ئەو پەرتوكانەی باس لە خوڕەوشتە جوان وبەرزەكانی دەكات، وەپێغەمبەر(ﷺ) بەڕاستی تەواوی واتای مرۆیی تیادا كۆبووەوە لەشێوازو روخسارو رەوشتیدا:

﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ [القلم: 4].

واتە: بەراستی تۆ ئەی موحەمەد(ﷺ) لەسەرووی هەموو خوڕەوشتە بەرزو گەورەكانەوەیت .

5ـ بەبیر هێنانەوە وباس كردنی گەورەیی چاكەو دەست گرتن ویارمەتی دانی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر هەریەك لەئێمەدا، لەبەر ئەوەی ئەو بوو ئایین و پەیامی خوای گەورەی گەیاند بەئێمە بەچاكترین وتەواوترین شێوە، بەدڵنیاییەوە پەیامەكەی خودای گەورەی گەیاند و ئەمانەتەكەشی جێ بەجێ كرد و ئامۆژگاری ئوممەتەكەیشی كرد .

6– دانە پاڵی هەموو كارێكی چاكە دنیای بێت یاخود دواڕۆژی كاتێك بۆمان سوك وئاسان دەبێت پێمان دەدرێت بەهۆی پێغەمبەرەوەیە (ﷺ) لەدوای فەزڵ وگەورەیی وپێزانیی خوای گەورە (جلَّ جلالــه)، لەبەر

ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگە چارەمان بوو، ڕێنمای کەرمان بوو بۆ ئەو ڕێگەیە، دەی خودای گەورە پاداشتی بداتەوە لەجیاتی ئێمە بەچاکترین پاداشت کە پاداشتی پێغەمبەرێکی دابێتەوە لە جیاتی ئوممەتەکەی ونێردراوێك لەجیاتی نەتەوەکەی .

7- بەبیرهێنانەوەو باسکردنی بەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بەسۆزترو بەبەزەیی ترو بەهۆڵ ترە بۆ ئوممەتەکەی لە ئوممەتەکەی:

﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ﴾ [الأحزاب: 6] .

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لەپێش ترو نزیك ترو بەبەزەیی ترو بەجۆش ترە بۆ بڕواداران لەنەفس وگیانی خۆیان .

8- ئاشنا بوون وشارەزا بوون لەو ئایەت وفەرموودانەی کەباس لەگەورەیی پلەو پایەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات لەلای پەروەردگاری، وەبەرز کردنەوەی پایەو شوێنی لەلای دروست کەرەکەی، وەخۆش ویستن وڕێزگرتنی خوای گەورە بۆی ئەوپەڕی ڕێزگرتن .

9- پەیوەست بوون بەفەرمانەکانی خوای گەورەوە سەبارەت بە خۆش ویستنی ئێمە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵکو دەبێت خۆش ویستنی پێغەمبەر(ﷺ) پێش خۆش ویستنی نەفس وگیانمان بخەین، بەبەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) خۆی:

(لايؤمنُ أحدُكُم حتى أكونَ أحبَّ إليهِ مِنْ ولدِهِ ووالدِهِ والنَّاسِ أجمعين)[2].

10- پەیوەست بوونمان بەفەرمانەکانی خوای گەورەوە دەربارەی بەڕەوشت بوونمان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) وسوننەتەکانیدا، بەبەڵگەی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ [الحجرات: 2].

واتە: ئەی ئەوانەی کەبڕواتان هێناوە دەنگی خۆتان مەخەنە سەروی دەنگی پێغەمبەر(ﷺ)، وەلەگەڵ ئەو بەدەنگی بەرز قسە مەکەن هەروەکو چۆن لەگەڵ یەکتردا قسە دەکەن، نەوەکو ئاکامی کارتان تیا بچێ، وەئێوەش هەست وئاگاداریتان نەبێت .

وەهەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ [الحجرات: 3].

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەنگیان نرم دەکەنەوە ئەوانە کەسانێکن کەخوای گەورە دڵیانی تاقی کردۆتەوە بەلەخواترسان، -هەروەك چۆن ئاڵتون تاقی دەکرێتەوە وبەئاگر ئاڵتونە سادەکەی لێ جیا دەکرێتەوە- ئەوانە لێخۆش بوون وپاداشتی گەورەیان بۆ هەیە .

وەهەروەها دەفەموێت:

﴿لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا﴾ [النور: 63].

(2) (صحيح مسلم: 167، باب الإيمان)، و(صحيح الجامع الصغير: 7582، باب الإيمان)، و(صحيح ابن ماجة:56، باب الإيمان).

واتە: بانگ كردنی پێغەمبەر(ﷺ) لەنێوانتاندا وەكو بانگ كردنی هەندێكتان بۆ هەندێكتان دامەنێن .

11–خۆبەدەستەوەدان بۆ فەرمانەكانی خوای گەورە بەبەرگری كردن وسەرخستن وپارێزگاری كردن لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەهەر خراپەو نارەحەتیەك كەمەبەستیان بەو بێت، وەهەر نقوستانی وكەمتەرخەمی-یەك كەبدرێتە پاڵی، هەروەك چۆن خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ﴾ [الفتح: 9].

واتە: تابەخواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بڕوا بهێنن ویارمەتی بدەن وسەری بخەن ڕێزی بۆ دابنێن وبەگەورەی بزانن.

12– ئامادە كردن وبوونی نییەتێكی ڕاستگۆیانە ودرێژەدان وبەردەوام بوون لەسەر ئەو نییەتە بۆ سەرخستن وپاراستن وبەرگری كردن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

13– ئامادە كردن وهێنانە بیری پاداشتێكی زۆر زۆر لەدوا ڕۆژدا بۆ ئەو كەسەی خۆشویستنی پێغەمبەری (ﷺ) جێبەجێ كرد بێت بەشێوەیەكی ڕاست وڕەوان، بەوەی دەبێت بەهاوڕێ وخۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) لەبەهەشتدا، بەبەڵگە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە ئەو كەسەی ووتی من خواو پێغەمبەرم (ﷺ) خۆش دەوێت پێی فەرموو:

**(أنتَ معَ مَن أحْبَبْتَ)**[3] .

واتە: تۆ لەگەڵ ئەوكەسەدایت كەخۆشت دەوێت.

14– سوربوون وبەردەوام بوون لەسەر صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) هەركاتێك كەباس كرا، وەلەدوای بانگ دان، ولە ڕۆژی هەینی، ولە هەموو كاتێكدا لەبەر گەورەی پاداشتی ئامادەكراو لەسەر صەڵاوات دان، وە لەبەر گەورەیی مافی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرمان .

15– خوێندنەوەی ژیان نامەیەكی ڕاستی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ وەستان لەسەر ڕووداوەكان وەستانی كەسێكی سودمەند لە حوكم و ڕووداوو پەندەكان، وەسود وەرگرتن لەو سودانەی كەدەرهێنراوە لەهەر ڕووداوێك لەوانە، وەهەوڵدان بەپەیوەست كردنی‌یەوە بەژیان وسەردەمی خۆمانەوە.

16– فێر بوون وشارەزا بوون لە فەرموودەكانی پێغەمبەر(ﷺ)، وە بەخوێندنەوەی ئەو فەرموودانەی كەخاوەن زانستەكان بەڕاستیان زانیوە لەو فەرموودانەی كە گێڕاویانەتەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو فەرموودانە، وەئامادە كردن وهێنانە بیری ئەو دانایی‌یە بەنرخ ورەوشتە بەرزانە، و پەرستن وملكەچی‌یەكی تەواو بەتەنها بۆ خوای دروستكەر كە ئەم فێركاری‌یە پێغەمبەریانە دەیگرێتە خۆی.

17– شوێن كەوتنی هەموو سوننەتەكانی پێغەمبەر (ﷺ)، لەگەڵ لەپێش دانانی كام لە هەموو گرنگ ترو پێویست تر لەوانی تر.

(3) (صحيح البخاري: 6171)، و(صحيح مسلم: 2639)، و(صحيح الجامع الصغير: 1483/1).

18- سور بوون لەسەر شوێن كەوتن وپەیڕەوی كردنی پێغەمبەر(ﷺ) لەسوننەتەكاندا، ئەگەر بێتو ئەو سوننەتە لەتەمەنماندا یەك جاریش جێبەجێ بكەین لەبەر گرنگی وسوربوون لەسەر شوێن كەوتەیی كردن پێی لە هەموو شتێكدا .

19- خۆپاراستن ودوور كەوتنەوە لەگاڵتە پێكردن بەشتێك لە سوننەتەكانی پێغەمبەر(ﷺ) .

20- دڵ خۆش بوون بە بڵاو بوونەوە وەدەركەوتنی سوننەتەكانی پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان خەڵكیدا .

21- دڵ تەنگی وپێ ناخۆش بوون بە دیار نەمانی هەندێك لە سوننەتەكانی پێغەمبەر(ﷺ) لەنێوان هەندێ لەخەڵكی.

22- رق لێ بوونی هەر توانجدەرو رەخنە گرێك لە پێغەمبەر(ﷺ) یان شتێك لە سوننەتەكانی .

23- خۆشویستنی خاو وخێزانی پێغەمبەر(ﷺ) لەخێزان و وەچەكانێوە، وەخۆ نزیك كردنەوە لە خوای گەورە بەهۆی خۆشویستنی خوای گەورە بۆ نەوەو پشتەكانی لەبەر نزیكیانەوە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) وموسڵمان بوونیان، وە هەركەسێك لەوان یاخی ببوو هەوڵ بدەین رێنماییان بكەین، لەبەر ئەوەی رێنمایی كردنی نەوەو پشتەكانی پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویست ترە لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەرێنمای كردنی جگە لەوان، هەروەك چۆن ئیمامی عومەری كوری خەتتاب (رضي الله عنه) بە عەبباسی مامی پێغەمبەری (ﷺ) ووت: (مهلاً یاعباس لَإسلامُكَ یومَ أسلمتَ كانَ أحب لي من إسلام الخطاب، ومالي إلا أني قد عرفت أن إسلامَك كان أحبّ الى رسول الله (ﷺ) من إسلام الخطاب)[4] .

واتە: لەسەرخۆبە ئەی عەبباس (رضي الله عنه) موسڵمان بوونی تۆ ئەو رۆژەی كە موسڵمان بوویت، خۆشەویست تر بوو لە لام لە موسڵمان بوونی خەتتاب، وەمن بۆیە پێم خۆشترە بەس لەبەر ئەوەی كەزانیم موسڵمان بوونی تۆ خۆشەویست ترە لەلای پێغەمبەر (ﷺ) لە موسڵمان بوونی خەتتاب .

24- كاركردن بەوەسیەت نامەكەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی خێزان و وەچەكانیەوە، كاتێك فەرموویەتی: **(أذَكِّرُكُمُ اللهَ في أهلِ بَيتِي)**[5] ثلاثاً.

واتە: خواتان یاد دەكەمەوە بەوەی كە ئاگاتان لە خێزان و وەچەكانم بێت، سێ جار دووبارەی كردەوە .

25- خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) رێز بۆ دانانیان، وە بڕوا بوون بەچاكی وفەزڵیان بەسەر ئەوانەی كە لەدوای ئەوان هاتوون، لە زانست وكردارو پلەو پایەیان لەلای خوای گەورە، وەرق لێبوونی هەر كەسێك كە توانجیان لێ بدات وسوكایەتیان پێ بكات، یاخود لە پلەو پایەو رێزیان كەم دەكاتەوە .

26- خۆشویستنی زانایان وڕێز بۆ دانانیان، لەبەر پلەوپایەو پەیوەندییانەوە بەمیرات گرێتی پێغەمبەرانەوە، لەبەر ئەوەی زانایان ئەوان میرات گری پێغەمبەرانن، بۆیە مافی خۆشویستن وڕێز بۆ دانانیان هەیە، ئەویش یەكێكە لە مافی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر ئوممەتەكەیەوە.

(4) (تفسیر ابن كثیر في سورة الشورى: ص2545)، و(ابن سعد في الطبقات: 4/22-30).

(5) (صحیح مسلم: 8/6175)، و(الدارمي: 3316).

# لەسەر ئاستی خێزان وكۆمەڵگە:

27- پەروەردە كردنی نەوەكان لەسەر خۆشویستنی پێغەمبەر(ﷺ) .

28- پەروەردە كردنی نەوەكان لەسەر پەیڕەوی كردنیان بە پێغەمبەر (ﷺ) لەهەموو كاتەكانیدا.

29- بوونی ئەو پەرتوكانەی كەدەربارەی ژیان نامەی پێغەمبەرن(ﷺ) .

30- بوونی ئەو شریت وكاسێتانەی كەدەربارەی ژیان نامەی پێغەمبەرن(ﷺ) .

31- هەڵبژاردنی ئەو فیلمە كارتۆنیانەی هەمان پلان وبەرنامەی ڕوون كەرەوەی تیادایە لەپەروەردەكرندا.

32- تەرخان كردنی وانەیەك یاخود زیاتر، لە هەفتەیەكدا دەربارەی ژیان نامەی پێغەمبەر (ﷺ)، خاو وخێزانی لەدەور كۆببنەوە .

33- شوێن كەوتەیی كردنی پیاوان بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەمامەڵە كردنیاندا لەگەڵ خاو وخێزانیاندا.

34- هاندانی نەوەكان بۆ لەبەر كردن وجێ بەجێ كردنی ویردەكانی پێغەمبەر (ﷺ) .

35- هاندانی نەوەكان بۆ لادانی بەشێ لە خەرجی ڕۆژانەییان لەپێناو جێ بەجێ كردنێكی كردەوەیی بۆ هەندێ لە فەرموودەكان، وەكو زامن كردن ودەستە بەر كردنی هەتیوان، نان پێدان، یارمەتی دانی هەژاران ونەداران.

36- ڕاهێنانی نەوەكان لەسەر بەكارهێنانیان بۆ نموونە پێغەمبەرییەكان لە فەموودەدا، وەكو:

(المؤمِنُ كَيِّسٌ فَطِن)(6) .

واتە: بڕوادار تێگەیشتوو وریاو ژیرە .

(لا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ مَرَّتَيْنِ)(7).

واتە: بڕوادار دوو جار لە كونێكەوە پێوەی نادرێت.

(يَسِّرُوا ولا تُعَسِّرُوا )(8) .

واتە: ئاسان كار بن نەك قورس كار.

37- دانانی پێش پڕكێ خێزانییەكان دەربارەی ژیان نامەی پێغەمبەر (ﷺ).

38- پێناسین و شارەزا كردنی خێزانە موسڵمانەكان بەژیانی پێغەمبەر(ﷺ) لەمیانەی جێ بەجێ كردنی پرۆژەی: ڕۆژێك لەماڵی پێغەمبەردا(ﷺ).

# لەسەر ئاستی بەشەكانی فێركردن وفەرمانبەرانی:

---

(6) حديث موضوع، انظر: (ضعيف الجامع الصغير: 5904)، و(سلسلة الأحاديث الضعيفة: 760).

(7) (صحيح الجامع الصغير: 2/ 7779)، و(سلسلة الأحاديث الصحيحة: 1175)، و(صحيح ابن ماجة: 3/ 3232، 3233) .

(8) (صحيح الجامع الصغير: 8086، 8087 )، و (سلسلة الأحاديث الصحيحة: 1151)، و(صحيح مسلم: 4503/8).

39– تۆو كردن وچاندنی خۆشویستنی پێغەمبەر(ﷺ) لەدڵی قوتابیانی كوڕ وكچدا، لەمیانەی دەرخستنی مافی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر ئوممەتەكەیەوە.

40– زۆر بەستنی ئەو كۆڕانەی كەچەند لایەنێك لەژیانی كەسایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتە ڕوو.

41– هاندانی بەرپرسانی بەشەكانی فێركردن بۆ زیاد كردنی وانەی ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ پرۆگرامەكانی فێركردن وتوێژینەوە ئیسلامیەكان لەبەشە پسپۆڕیە مرۆیەكان .

42– كاركردن بۆ دەوڵەمەند كردن وپێ بەخشین لە پێناو دانانی چەند مینبەرێك بۆ توێژینەوەی ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) لەدانیشگا رۆژئاوا بەناوبانگەكاندا.

43– هاندانی لێكۆڵەرەوانی زانستی لەبواری ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ)، وەهاندانی لێكۆڵەرەوان بۆ دانان وئامادە كردنی ئەو پەرتوكانەی كەلەبواری سونەتن بەچەندەها ئامادەكراو وجۆراو جۆر وەكو: {المغازي}واتە: باسە كردارەكانی جەنگاوەر سیفەتەكانیان، وە{الشمائل} واتە: باسكردنی خورەوشت ورەفتار.

44– كاركردن بۆ كردنەوەی پێشانگا لەقوتابخانە وزانكۆكان كەدەبێتە هۆی ناساندنی پێغەمبەر(ﷺ)، لەگەڵ رەچاو كردنی باری جوگرافی سەبارەت بەسەر هەڵدانی ئیسلام.

45– تەرخان كردنی گۆشەیەكی تایبەت لەكتێبخانەكاندا، كە سەرجەم ئەو بابەتانە بگرێتە خۆ كە پەیوەستە بە پێغەمبەر(ﷺ) وژیان نامەكەی و گرنگی دان پێی ودانانی لەشوێنێكی دیار وبەرچاو.

46– كاركردن بۆ ئامادەكاری فەرهەنگی ئەكادیمی دەوڵەمەند سەبارەت بە ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) گونجاو بێت وەك سەرچاوەیەك، وە وەربگێڕدرێت بۆ چەندەها زمانی جیهانی.

47– بەرپا كردن ودانانی پێش بڕكێیەكی ساڵانە بۆ قوتابیانی كوڕ وكچ بۆ باشترین لێكۆڵینەوە لەبواری ژیان نامەی پێغەمبەر (ﷺ)، وەتەرخان كردنی كۆمەڵە خەلاتێكی بەنرخ بۆی .

48– دانانی خێوەتگەی لاوان كە ئەو چالاكیانە بگرێتەخۆ كەخۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) برووێنێت لەدڵەكان وپەیوەست بوونیان بە سوننەتەكانیەوە .

49– دانان وگێڕانی خولی ڕاهێنانی تایبەت بەئامادە كردنی پێشەوایان بۆ پەیڕەوی كردنیان بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

# لەسەر ئاستی پێشەوایان وبانگەواز كاران وقوتابی زانست:

50– روون كردنــەوەی تایبــەت مەندیــەكانی بانگــەوازو پــەیامەكــەی پێغەمبــەر (ﷺ)، وەئــەویش نێــردراوە لەلایەن خوای گەورەوە بە{الحنيفية}واتە: واز هێنان لەهاوبەش بۆخوا بڕیاردان وڕوو كردنە خـوای گـەورە لـە یەكخواپەرسـتیدا، و{الســـمحة}واتـە: هـیچ ناڕەحـەتی وقورسـی وگرانـیـیەكی تێدا نـیـیە، وەمەبەسـتیش لەبانگەوازەكەی پێغەمبەر(ﷺ) سور بوونی بوو لەسەر ڕێنمـای كردنـی خـەڵكی بـەتێكڕا بـۆ تـاك كردنـەوەی پەرستەكان بۆ خوای بەندەكان.

51– كـار كـردن بـۆ بانگـەواز كردنـی خـەڵكی و ڕێنمـایی كردنیـان بـۆ لای ئـەم ئاییـنـە بـەتێكڕای ڕەگـەزو هۆزەكانیانەوە.

52– روون كردنەوەو ئاشكرا كردنی هەموو ئاوەڵناوەكانی پێغەمبەر (ﷺ) لـەڕووی دیمـەن ورەوشـتیـیەوە، پێش بوون ودوای بوونی بە پێغەمبەر(ﷺ).

53– روون كردنەوەی باشەوە چاكەو چاكە كاریـیەكانی پێغەمبەر(ﷺ)و تایبەت مەندیـەكانی ئوممەتەكـەی بەشێوەیەكی جوان .

54– روون كردنەوەی هەڵوێستی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ خێزان وهاوسێ وهاوەڵەكانیدا(ﷺ).

55– روون كردنــەوەی چــۆنێتی مامەڵــە كردنــی پێغەمبــەر (ﷺ) لەگــەڵ دوژمنەكانیـدا لـەگاورو جولەكـەو هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەر ودووڕووەكان.

56– روون كردنەوەی بەرنامەو پرۆگرامی ژیانی رۆژانەی پێغەمبەر(ﷺ).

57– تەرخان كردنی وتاری دووەمی هەندێ لەجومعـەكان بـۆ بیرهێنانـەوەی هەنـدێك لـە ڕووداوەكـانی ژیـان نامەی پێغەمبەر (ﷺ)، سەرەڕای چەندەها وتاری تەواوی تەرخان كراو باس بكرێت دەربارەی ژیان نامەكەی لەكاتێكەوە بۆ كاتێكی تر.

58– پەیوەست بوون ودڵ لابوون بۆ ئەو ئایەتانەی كە باس لە پێغەمبەر (ﷺ) دەكات لەكاتی خوێندنەوەدا لەنوێژ بۆ ماوەی سێ تا پێنج خولەك.

59– زیاد كردنی كۆمەڵە بازنەیەك بۆ لەبەر كردنی فەرموودەكانی پێغەمبــەر (ﷺ) لـەپاڵ بازنـەكانی لەبـەر كردنی قورئانی پیرۆز لە مزگەوتەكاندا.

60– ڕاست كرنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵانـەی كـەلای زۆربـەی خـەڵكی هەیـە دەربـارەی سـوننەتی پێغەمبـەر (ﷺ)، وەبانگەواز كردن بۆ دەست گرتن بەو فەرموودانەی كە راستن بەشێوەیەكی ئاسان وروون.

61– باسكردنی فەتوای زانایانی ئەم ئوممەتە كـە حـوكم وسـزای ئـەو كەسـە روون دەكەنـەوە كـە قسـە بـە پێغەمبەری ئەم ئوممەتە بكات (ﷺ) بەهەر شتێك بێـت لەسـوكایەتی كـردن پێـی، وە رق لێبـوون وخۆبـەری كردن لەهەر كەسێك كەئەوە گوفتارو رەفتاری بێت .

62– كار كردن بۆ گێڕانەوەی خەڵكی بۆ لای ئایینەكەیان لەمیانەی خستنە بەرچاوێكی ئاسان بـۆ هەڵوێسـتە بانگەوازییەكانی پێغەمبـەر (ﷺ) .

63- بەئاگا بوون وئاگادار كردنەوە لەهۆكارەكانی بینین وبیستن وخوێندراو لەزیادڕەوی كردنیاندا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە روون كردنەوەی ئەو ئایەتانەی كەزیاد ڕەوی حەرام دەكات هەروەك فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿.....لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ .....﴾ [النساء: 171].

واتە: زیادەڕەوی مەكەن لەئایینەكەتاندا.

وەئەو فەرموودانەی كە تایبەتن بەم باسەوە، هەروەك لەم فەرموودەیەی پێغەمبەردا هاتووە (ﷺ).

(لاتُطْرُونِي كَمَا أطرَتِ النَّصارَى ابنَ مَرْيَمَ)[9].

واتە: لەسنوری خۆم بەرزم مەكەنەوە و پیامدا هەڵ مەدەن، هەروەك چۆن گاورەكان عیسای كوڕی مەریەمیان (ﷺ) لەسنوری خۆی دەركردو پێیدا هەڵیان دا.

وە روونی بكەیتەوە كەخۆشویستنی راستگۆیانە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەشوێن كەوتنی دایە، وەئاگادار كردنەوەی خەڵكی لەئەهلی بیدعە وهەواو ئارەزووەكان .

64- هاندانی خەڵكی بۆ خوێندنەوەی ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرچاوە راستەكانی‌یەوە وئاشكرا كردنی ئەو سەرچاوانە بۆیان.

65-بەتاڵ كردنەوەو بەدرۆ خستنەوەی ئەو گومان وقسە پڕوپوچانەی دەورژێندرێت سەبارەت بە پێغەمبەر (ﷺ) وژیان نامەكەی .

## لەسەر ئاستی رووناكبیران و رۆشنبیران وراگەیەنەران و رۆژنامە نووسان:

66- دەرخستنی كەسایەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتایبەت مەندی‌یەكانی ئوممەتەكەی لەمیانەی بلاو كردنەوەیدا وگفتوگۆ كردن لەو بارەیەوە لەبۆنەكانی ڕاگەیاندن و رووناكبیریدا.

67- بلاو نەكردنەوەی هەر بابەتێك كەسوكایەتی كردنی تێدا بێت بەسوننەتەكانی پێغەمبەر(ﷺ).

68- بەرەنگار بوونەوەی ڕاگەیاندی رۆژئاوایی وجولەكە دوژمن كارەكان، وەبەرپەچ دانەوەی ئەو شتانەی كەدەیوروژێنن لەگومان وپڕوپاگەندەكانیان دەربارەی ئایین و پێغەمبەرەكەمان (ﷺ) .

69- بەستنی چاوپێكەوتنی رۆژنامەگەری و راگەیاندنی ورووناكبیری لەگەڵ دادپەروەرانی غەیرە موسڵمانەكان و گفتوگۆكردن لەگەڵیاندا دەربارەی پێغەمبەر (ﷺ) وپەیامەكەی.

70- بلاو كردنەوەی ئەو شتانەی كەدادپەروەرە غەیرە موسڵمانەكان باسیان كردووە لەبارەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) .

(9) (صحيح الجامع الصغير: 7363/2).

71– بەستنی كۆڕو كۆبوونەوەی ڕوناكبیری بۆ خستنەڕووی بەرنامە وژیان نامەكەی پێغەمبەر (ﷺ) وڕوون كردنەوەی گونجاندنی بەرنامەكەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەموو كات وسات وشوێنێك .

72– ئامادەكردنی پێشبڕكێی ڕاگەیاندنەوانی دەربارەی ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ)، وەتەخان كردنی كۆمەڵە خەلاتێكی بەنرخ بۆی .

73– نوسینی ئەو سەروتارو چیرۆك ونامیلكانەی كەباس لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەكات.

74– پێشنیار كردن لەلای سەرنوسەری ڕۆژنامەو گۆڤارەكان بۆ تەرخان كردنی سوچێك كەئەو ئایەت وفەرموودانەی تێدا ڕوون بكرێتەوە كەبەڵگەن لەسەر پێویست بوونی خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) وەڕوونی كاتەوە كەخۆشویستنی پێغەمبەر(ﷺ) لەپێش ترە لەخۆشویستنی منالّ ودایك وباوك وهەموو خەڵكی، بەڵكو لەپێش ترە لەگیانی خۆتیش، وە ئەم خۆشویستنەش وات لێ دەخوازێت كە پێغەمبەر (ﷺ) بە گەورە بزانیت ورێزی بۆ دابنێیت وشوێنی بكەویت ووتەی بخەیتە پێش وتەی هەموو كەسێك لەدروست كراوەكان.

75– پێشنیار كردن لەلای بەڕێوەبەرانی كەناڵەكانی ئاسمانی بۆ ئامادە كردنی بەرنامەیەكی تایبەت بەژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) وەچۆنێتی مامەڵە كردنی لەگەڵ خێزان و منالّ وهاوەڵان و دوژمنەكانی، وەجگە لەمانەش لەسیفەتە دیمەنی ورواڵەتی ورەوشتەكانیدا .

76– هاندانی دامەزرێنەرانی وەبەرهێنانی ڕاگەیاندی، بەهەڵسان بۆ وەبەرهێنانی شریت وكاسێتی ڤیدیۆ كەژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) نمایش بكات بەشێوەیەكی پیشەگەریانەی ئارەزوومەندانە.

77– هاندانی ویستگەكانی تەلەفزیۆنی زەمینی و كەناڵەكانی ئاسمانی بۆ وەبەرهێنان و پەخش كردنی فیلمی كارتۆنی بۆتازە پێگەیشتووان كەباس لە خوڕەوشتی پێغەمبەر(ﷺ) بكات، وەهەندێ چیرۆكیش لەسوننەت وفەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) .

## لەسەر ئاستی دامەزراوە خێرخواز و بانگەواز خوازەكان:

78– دروست كردنی چەند لیژنەیەك یاخود چەند بەشێك كەهەڵگری ئالأی سەرخستنی پێغەمبەر بن (ﷺ) .

79– تەرخان كردنی چەندەها شوێن لەپێشانگاكان وكۆنگرەكانی ناوخویی و نێو دەوڵەتیەكان، كەوا دامەزراوەكان بەشداری تێدا دەكەن، بۆنمایش كردنی پەرتوك وشریت وكاسێتی ڕەنگی ودەنگی كەوا تایبەت مەندیەكانی پەیامی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتە ڕوو.

80– تەرخان كردنی چەندەها جێگەی هەمیشەیی بۆ بلأو كردنەوەی شریت وكاسێت وپەرتووك و {المطويات} پێچ دراوەكان كەباس لە پێغەمبەر(ﷺ) دەكەن.

81– تەرخان كردنی خەلأتێكی بەنرخ وپێوراو لەپێشتر ڕێكەوتبێتن لەسەری بۆ باشترین خزمەت كاری فەرموودەو ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ)، وەگێڕانی ئاهەنگێكی ڕێزلێنانی سالأنە كەسایەتیە گەورەكانی بۆ بانگ بكرێت.

82- لەستۆ گرتنی چاپكردنی پەرتووكەكانی ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) بەزمانە بیانیەكان وبێگانەكان ودابەش كردنی بەسەر سەنتەرەكانی رۆژ هەلآت ناسان وكتێبخانە گشتیەكان و زانكۆیی‌یەكانی هەموو جیهان.

83= دەركردنی گۆڤارێك یاخود پەخش نامەیەكی مانگانە، گرنگی وبایەخ بدات بەژیان نامە پاكەكەی پێغەمبەر(ﷺ) وفێركاریەكانی ئایینی ئیسلام، وەخستنە رووی سیفەتەكانی ئەم ئوممەتە و رەوشتە بەرزەكانی ئەم ئایینەی كە پێغەمبەرەكەمان محمد (ﷺ)پێی هاتووە .

84- تەرخان كردنی چەندەها سندوقی بەخشین بۆ دەوڵەمەند كردنی هەڵمەتەكانی سەرخستنی پێغەمبەر(ﷺ) ونوسین و وەرگێران لەژیان نامەداو دروست كردنی كۆمەڵە {مواقع} ماڵپەرێك لەسەر تۆڕی جیهانی .

# لەسەر ئاستی فەرمانبەرانی تۆڕی جاڵ جاڵۆكەی {ئینتەرنێت}و خاوەن {مواقع} ماڵپەڕەكان:

85- پێك هێنانی كۆمەڵێك كەسەرۆك كاری خستنە رووی باشەكانی ئەم ئایینە بگرنە ئەستۆ سەیر كردنی ئیسلام بۆ هەموو پێغەمبەران{علیهم الصلاة والسلام}بەهەمان شێوە لە خۆشویستنیاندا، وە جگە لەمانەش لەو بابەتانەی كە بەم باسەوە پەیوەستن.

86- كردنەوەی چەندەها{موقع} ماڵپەڕ یاخود كۆڕو كۆبوونەوە وەیاخود تەرخان كردنی چەند كەلێنێك لەو ماڵپەڕانەی كەهەڵساون بە بایەخ دان بەژیان نامەی پێغەمبەر (ﷺ) وخستنە رووی پەیامە جیهانی‌یەكەی.

87- بەشداری كردن لەگفتوگۆ هێمنی‌یەكان لەگەڵ ئەوانەی غەیرە موسڵمانن وبانگ كردنیان بۆتاو توێ كردنی كەسایەتی پێغەمبەر(ﷺ) وئەو ئایینەی كە هاوردویەتی .

88- دەستە بەركردن یاخود لەپەراوێز دانانی ئەونامە ئەلیكترۆنیانەی كە دەنێردرێت بۆ لیستە پۆستیەكان تایبەت بێت بەهەندێ لەفەرموودەو ئامۆژگارییە پێغەمبەری‌یەكان .

89- ئامادەكردنی پەخشێكی ئەلیكترۆنی لەكاتێكەوە بۆ كاتێكی تر دەربارەی بانگەوازو كەسایەتی پێغەمبەر (ﷺ) وەبەتایبەتی لەبۆنەكان و رووداوە لەناكاوەكاندا.

90- جاڕدان لەوەگەڕهێنەكانی توێژینەوە بەناوبانگەكان دەربارەی هەندێك لەو پەرتوك و وتارانەی كەباس لە پێغەمبەر (ﷺ) دەكەن.

# لەسەر ئاستی دەوڵەمەندان وسەرمایەداران ودەسەڵات دارە موسڵمانەکان:

91- پشت گیری کردنی چالاکی‌یە بانگەواز خوازەکان کە پەیوەستە بەژیان نامە شکۆدارەکەی پێغەمبەرەوە (ﷺ).

92- چاپ کردنی { الملصقات } پۆستەرو هەڵواسراوەکان کەهەندێك لەفەرموودەکان و ئامۆژگاریە پێغەمبەری‌یەکانی تیادایە.

93- بەشداری کردن لە دانانی کەناڵە ئاسمانی‌یەکان و ئێزگەکان و گۆڤارەکان کەوا باس لە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) دەکەن بە زوبانی جۆراوجۆر وە لەهەموو گرنتر زوبانی ئینگلیزی.

94- بەکرێ گرتنی چەند خولەکێك لەکەناڵ و ئێزگە بیانی‌یەکان بۆ نمایش کردن وخستنە ڕووی توێژینەوەکانی زانستی یاخود زانست وتار سەبارەت بە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) .

95- دروست کردن وکردنەوەی سەنتەری تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ)و وەرگێڕانی بۆ زوبانە جیهانی‌یەکان.

96- دروست کردن وکردنەوەی مۆزەخانەو کتێبخانەی تایبەت بەژیان نامەو کەلەپورە شکۆدارو مەزنەکەی پێغەمبەر(ﷺ).

97- دروست کردن وکردنەوەی {مواقع} ماڵپەڕێك لەسەر ئینتەرنێت تایبەتمەند بێت بەژیاننامەو فەرموودە شکۆدارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

98- چاپەمەنیکردن وبلاَو کردنەوەی ئەو پەرتووك و کاسێت وبەرنامە ڕاگەیاندنیانەی کەباشی وجوانیەکانی ئەم ئایینە دەخاتە ڕوو کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی هاتووە وەڕەوشت وشێوە وشێوازی بەچەندەها زوبان، وەبەتایبەتی زوبانی ئینگلیزی.

99- بەشداری کردن لەپشتگیری کردنی پێش برکێ بانگەواز خوازیەکان کە گرنگی وبایەخ دەدەن بەژیانی نامەی پێغەمبەر (ﷺ) وتەرخان کردنی بڕە پارەیەك بۆی وەك هاندانێك .

ژمارەی 100بۆتۆی جێ دەهێڵین بۆ ئەوەی تەواوی بکەیت و بۆمانی بنێریت لەسەر ناونیشانی لیژنەکە.

برای موسڵمانم خوشکی موسڵمانم ....ئەوەی کە پێویستە لەسەر هەمووان هەرکەس بەگوێرەی توانای خۆی کە پێغەمبەرو پێشەوای خۆشەویستمان موحەمەد(ﷺ) سەرخەین، ئا لەبەر ئەمەیە ئەم یاداشت نامە ویادکەرەوەیەمان ئامادە کردووە تاکو هیچ کەس لەئێمە بەهانەو بیانوی نەمێنێت، دەی باهەموومان کار بکەین بۆ بلاَوکردنەوەو دابەشکردنی ئەم نامیلکەیە، وبانگەواز کردنی خاو وخێزان وسەرجەم خەڵکی لەمیانەی دانیشتنە خێزانیەکان و گفتوگۆ تەلەفۆنیەکان و نامە مۆبایلیەکان بۆ سەر خستنی پێغەمبەر (ﷺ) .

تەواوبووم لەم وەرگێڕانە لە ڕۆژی چوارشەمە

بەرواری /1428/3/23ك

بەرامبەر /2007/4/11ز

{ربيع الاول}

**والحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه أجمعين.**

# لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

# www.iman1.com

# هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان

# imanonekurd@yahoo.com